**تکایە، خاسی مەکەن، با خراپتر نەبێت!٦/**

ئاکۆ مارانی

٢٠٢٥/٠٨/٢٥

**<u>پێشینەی گرفتەکانی نووسینی هۆرامی و هۆکاری دەرکەوتنی چەند ئەلفابێت و کیبۆرد، ڕاستر بڵێم پێشنیاری چەند هێما و پیتی جیاواز بۆ فۆنێمە تایبەتەکانی هۆرامی</u>**

ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی، کە هۆنراوە و داستانە هۆرامییەکان بەشی هەرەدێرین و فراوانی ئەو پێکدەهێنن، تاکو سەرهەڵدانی نووسین بە کوردی-نێوەڕاست (سۆرانی) و لەو کاتەشەوە تاکو نێوەڕاستی سەدەی بیستەمیش، هەموویان بە ئەلفابێتی عەرەبی/فارسی/ئوسمانی نووسراون، هەرچەندە کە ئەو ئەلفابێتانە بۆ نووسینی هەموو بەشەکانی زمانی کوردی بە تەواوەتی وەڵامدەرەوە نەبوون. هۆکاری وەڵامنەدانەوەی ئەلفابێتی عەرەبی/فارسی/ئوسمانی بە نووسینی کوردی ئەوەیە، کە بێجگە لە پیتەکانی ( ع ، غ ) کە هاتنیان بۆ نێو زمانە کوردییەکان بەرەنجامی هەژموونی زاڵبوونی زمانەکانی عەرەبی/فارسی بوە، لەنێوان زمانی عەرەبی و کوردی بەس بیست و دوو فۆنێمی هاوبەش هەن. واتە لەنێو ئەلفابێتی عەرەبی پیت بۆ ئەو فۆنێمە کوردییانە /پ/ ، /چ/ ، /ڕ/ ، /ژ/ ، /ڤ/ ، /گ/ ، /ڵ/ ، /وو/ ، /ۆ/ ، /ێ/ نەبوون، کە بەگشتی بۆ نووسینی کوردی پێویست بوون، هەر وەها بێجگە لە (کەسرە و زەممە)، پیتی گشت ئەو فۆنێمانەش بوونیان نەبوە، کە بەتایبەت بۆ نووسینی کوردی لوڕی و لەکی و کەلهوڕی و هۆرامی پێویست بوون. هەر بەو جۆرەش لەنێوان زمانی فارسی و کوردی بەس بیست و چوار فۆنێم/فۆن/پیتی هاوبەش هەن. واتە لەنێو ئەلفابێتی زمانی فارسیش پیت بۆ ئەو فۆنێمە کوردییانە /ڕ/ ، /ڤ/ ، /گ/ ، /ڵ/، /وو/ ، /ۆ/ ، /ێ/ نەبوون، کە بەگشتی بۆ نووسینی کوردی پێویستن بوون. هەر وەها بێجگە لە (کەسرە و زەممە)، پیتی گشت ئەو فۆنێمانەش بوونیان نەبوە، کە بەتایبەتی بۆ نووسینی کوردی لوڕی و لەکی و کەلهوڕی و هۆرامی پێویست بوون. ئەلفابێتە تورکیە ئوسمانییەکەش بە هەمان شێوەی ئەلفابێتی عەرەبی و فارسی وەڵامدەرەوە نەبوە.

ئەلفابێتی کوردی لە سەرهەڵدانەوە تاکو ئێستا بەتەواوەتی لە ئاستی وەڵامدانەوە بە هەموو بەشە کوردییەکان (لووڕی، لەکی، کەلهوڕی، هۆرامی، زازاکی ) و تەنانەت کورمانجیش نەبوە و پەرەپێنەدراوە. لێرەدا مەبەست لە کورمانجی و زازاکی نووسینە بە ئەلفابێتی ئارامی (عەرەبی). بەو هۆیەوە، کاتێک نووسینی هۆرامی (هۆرامی-نووسین) لە سەردەمی نوێ و پاش ساڵی ٢٠٠٠ بەدواوە سەرهەڵدەداتەوە، ڕووبەڕووی هەمان گرفتەکانی نووسینی (کوردی-سۆرانی و کورمانجی) بوەتەوە، کە لە نیوەی دوەمی سەدەی نۆزدە تاکو نیوەی یەکەمی سەدەی بیست گیرۆدەی بوە.

شتێک کە بۆ نووسەران و لێکۆڵەرانی هۆرامی ڕۆشن و بەرچاو بوە و ئەزموونگەری کەسەکان سەلماندوویەتی، ئەوەیە، ناتوانرێت بە هۆرامی بنووسین، ئەگەر پیتی تایبەت بۆ فۆنێمە تایبەتەکانی هۆرامی دانەنرێن، چونکە توانای جیاکردنەوەی جووتواژە هۆرامییەکان نییە و درووستنووسی هۆرامی ئەستەم دەبێت. لەبەر هەمان هۆ، سەرلەبەری نووسینەکە لە ڕووی ڕێزمانییەوە هەڵە دەبێت. وەک پێشتر ئاماژەدرا، ئەو باس و بابەتە لەنێو هۆرامەکان شتێکی تازە نییە و کە هەر لە کۆنەوە، لە سەردەمی خوێندنی حوجرەکان و پاشان کرانەوەی فێرگە حکوومییەکانەوە دەرککراوە. بەتایبەت لە دەهەی هەفتا دیسان پەرەدەستێنێتەوە و ئەو کات زۆرتر بە دوو پیتی ( ڎ ، ۋ ) ئاماژەدەدرێت.

پەراوێزخرانی خوێندن بە هۆرامی لە کرانەوەی فێرگە حکوومەییەکانەوە تاکو ئێستا، ڕاگواستنی گوندەکان و جەنگی ئێران-ئێراق و ئاوارەبوون و لەیەکدی دابڕانی هۆرامەکان لەنێو شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان. پاشان گیرۆدەیی لە کاتی ئابڵۆقەی ئابووریی و جەنگە نێوخۆییەکانی هەرێم، زاڵبوونەوەی لەشکری حکوومەتی ئێران بەسەر خۆرهەڵات، گشت ئەو شتانە دەبن بە هۆکاری کزبوون و بەردەوامنەبوونی قسەوباسکردن لەسەر هۆرامینووسین لە دەهەی هەشتا و نەوەدی سەدەی ڕابوردوو. پاش دوو دەهە لە کپبوونەوەی ئەو پرسە، دواجار لە کۆتایی دەهەی نەوەدی سەدەی ڕابوردوو و سەرەتای هەزارەی دوەم، بە دەرکەوتنی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و دیجیتاڵیزەبوونی پەیوەندییەکان و ئاسانی پەیوەندی هۆرامەکان لەتەک هۆرامەکانی ئۆرووپا، ئەوە دەبێتەوە بە دەرفەتێک بۆ سەرهەڵدانەوەی باسەکان و پرسە چارەسەرنەکراوەکە. لە پاش ساڵی دووهەزارەوە بە لەباربوونی زەمینە و گەڕانەوەی هۆرامەکان بۆ فێربوونی خوێندنەوە و نووسین بە هۆرامی، کۆششکارانی ئەو بوارە هەر یەکە و بەگوێرەی شارەزایی زمانیی و تەکنیکیی خۆی بۆ وەڵامدانەوە بە پێداویستی نووسینی هۆرامی هەوڵدەدات.

سەرهەڵدانەوەی باسکردنی پێداویستییەکانی بۆ هۆرامینووسین و دانانی کیبۆرد و بەکاربردنی پیتی تایبەت لە پێش و پاشی ساڵی دووهەزارەوە لە ئێران و ئێراق و ئۆرووپا بەگوێرەی دەرکەوتنی هەوڵەکان لە ئینتەرنێت، بەم شێوە بوە[1]:

- ساڵی ۲۰۰۳ تاکو ۲۰۱۸، سایتی (هەورامان.کۆم) لە ئۆرووپا و هەر وەها لەنێو نووسینەکانی مامۆستا سیامەند هەورامی تاکو ئێستا، کە سەرپەرشتیکاری سایتەکە بوە، سێ پیتی ( ڎ ، ۋ ، ۆ 'بۆرە' ، ێ 'ژێرە' ) بۆ فۆنێمە تایبەتەکانی هۆرامی بەکاربردوون. ساڵی ۲۰۱۵ کیبۆردەکەی بڵاوکراوەتەوە.

- ساڵی ۲۰۰٤ تاکو کۆتایی (بڵاوکراوەی هۆرامان) لە باشوور لەنێو نووسینەکانی چوار پیتی ( ڎ ، ۋ 'ڤێی لاواز' ، ۆ 'بۆرە' ، ێ 'ژێرە')ی بۆ چوار فۆنێمی هۆرامی بەکاربردوون. ساڵی ۲۰۱۵ کیبۆردەکەی بڵاوکراوەتەوە.

- ساڵی ۲۰۰٦ تاکو ئێستا، مامۆستا جەمال بێدار لەنێو نووسینەکانی خۆی چوار پیتی ( ڎ ، ۋ 'ڤێی لاواز' ، ۆ 'بۆرە' ، ێ 'ژێرە') بۆ فۆنێمە تایبەتەکانی هۆرامی بەکاربردراون. کیبۆردی نییە.

- ساڵی ۲۰۰۵ تاکو ئێستا، کیبۆردی هۆرامی، لەنێو ڤێرژنی یەکەم دوو پیت (ڎ ، ۆ 'بۆرە' ) و لەنێو ڤێرژنەکانی دواتری، سێ پیت ( ڽ 'نگ' ، ۋ 'ڤێی لاواز' ، ێ 'ژێرە')، پێکەوە پێنج پیت بۆ ئەو پێنج فۆنێمە دانراون، کە لە بەشی یەکەم تاکو پێنجەمی ئەم بابەتە ئاماژەدران.

- ساڵی ۲۰۱۵ تاکو ئێستا دەستەی نووسەرانی (وانەی هەورامی)، بەس یەک پیتی تایبەتی (ڎ ) بۆ نووسینی هۆرامی زیادکردوە. ساڵی ۲۰۱۷ کیبۆردەکەی بڵاوکراوەتەوە.

- دکتۆر مەهدی سەجادی سێ پێتی بۆ سێ فۆنێمی هۆرامی (گۆرانی) دەستنیشانکردوون (ڎ ، ۋ 'ڤێی لاواز ، ň 'نگ'). کیبۆردی نییە.

- لەم ساڵانەی دوایی لە خۆرهەڵات کۆمەڵێکی دیکە بە تێکەڵەیەک لە پیتی فارسی و هۆرامی دەنووسن. ئەوان کیبۆردیان نییە و فرەتر بە کیبۆردی فارسی دەنووسن.

کاتێک کە ساڵی ۲۰۰۸ بۆ یەکەم جار پرۆژەی کۆکردنەوە و دیجیتاڵیزەکردنی واژە هۆرامییەکان لەتەک هاوواتا (زازاکی و کورمانجی و سۆرانی وکەڵهوڕی و لەکی و لوڕی)یەکانیان لەنێو فەرهەنگێکی ئینتەرنێتی (فەرهەنگی ئۆنلاینی هۆرامی) دەردەکەوێت، گرفتەکانی نووسینی هۆرامی بە ئەلفابێت و کیبۆردی فارسی و "کوردی" دەردەکەون. بەتایبەت لە کاتی تۆمارکردنی دۆخەکانی ناو و ئاوەڵناو و کردار و پاشگرەکانیان؛ گرفتی جیاکردنەوەی جووتواژەکان و پاشگرە ڕەگەزییەکانی ئاوەڵناو و ئاوەڵکردار و کردارەکانی هۆرامی پێشدێت. ئیدی ڕۆشنتر دەبێتەوە، کە گرفتەکە گرفت و پێداویستییەکی فۆنۆلۆژییە، نەک پرسی ئەلەفۆن و خۆجیاکردنەوەی هۆرامەکان، بەو جۆرەی کە زۆر جار لەنێو هەندێک توێژینەوەی زمانیی هانای بۆ دەبرێت و پاگەندە دەکرێت. بەداخەوە، هاندەری زۆرێک لەو توێژینەوانە فرەتر پابەندیی ئایدیۆلۆجییە، تاکو شرۆڤەکردنی تایبەتمەندییەی زمان.

ئەگەر لە گشت ئەوانەش بگوزەرێن، هێشتا ئەلفابێتێک کە بە "ئەلفابێتی کوردی" واتە ئەلفابێتی هەموو زمانە کوردییەکان/دیالێکتە کوردییەکان ناسێنراوە، خۆی گرفتزادەیە و گرفتی تەکنیکی جووت واو (وو) دیارترینی ئەو گرفتانەیە[2]. ئەو ئەلفابێت و کیبۆردە وێڕای کەموکوڕییە خۆییەکانی و وەڵامنەدانەوەی بە نووسینی هۆرامی و کەلهوڕی و لەکی و لوڕی، کەچی تاکو ئێستا هیچ ڕیفۆرمێکی لەسەر نەکراوە. ئەوە لە کاتێک، کە ئەلفابێتی زمانێکی وەک (زمانی ئاڵمانی) وێڕای دەمێک ستانداردبوونی، لە ماوەی دوو دەهە و نیوەی ڕابوردوو چەندین ڕیفۆرمی لەسەر کراون!

بەو جۆرە، پێش ئەوەی گفتوگۆکردن و مشتومڕکردنی پرسی ئەلفابێت و هەژماری پیتە پێویستەکان بۆ فۆنێمە هۆرامییەکان و نووسین بە هۆرامی وەک ئێستا سەرهەڵبدات، لە ماوەی دوو دەهە و نیوی ڕابوردوو دەستپێشخەریی کەسیی بەگەڕدەکەوێت و خۆی لە درووستکردنی چەند کیبۆرد و

وێنەفۆنت دەردەخات، کە بریتی بوون لە چەند هەوڵێک. من لێرەدا هەوڵدەدەم، بەگوێرەی ڕێکەوتی دەرکەوتن و بەردەستبوونیان بۆ بەکاربەران لە ئینتەرنێت ئەو کۆششانە بە خوێنەر بناسێنم.

<u>**یەکەم کیبۆردی کوردی-هۆرامی لەسەربنەمای یونیکۆد**</u>، ساڵی ٢٠٠٥ لەلایەن دڵسۆزێک لە خۆرهەڵات ئامادە و بڵاوکراوەتەوە. تاکو ساڵی ٢٠١٠ تاقە کیبۆردی هۆرامی بوە، کە لە ئینتەرنێت بۆ بەکاربەران بەردەست کراوە. ئەو کیبۆردە پەرەپێدانی هەمان کیبۆردەکەی (کورد ئایتی گرووپ) بوو، بە زیادکردنی دوو پیت (ڎ U+068e ، ۊ U+06ca) ساڵی ٢٠٠٥ دەرکەوتوە، وەک لە بەشی یەکەم و چوارەمی ئەم بابەتە بەو پیتانە ئاماژەدراوە. بەداخەوە ڤێرژنی یەکەمی ئەو کیبۆردە بەس لەسەر ڤێرژنەکانی (ویندۆز-میلینیۆم و ویندۆز-ئیکس‌پی) کاریدەکرد.

<u>دوەم کیبۆردی کوردی-هۆرامی لەسەر بنەمای یونیکۆد</u>، یان ڕاستر بڵێم **پەرەپێدراوی یەکەم کێبۆردی هۆرامی**، لە ساڵی ٢٠١١ ئامادەکراوە و بڵاوکراوەتەوە. لەبەر ئەوەی کە ڤێرژنی یەکەمی لەسەر ویندۆس ٧ دانەدەمەزرا، نوێکردنەوە و پەرەپێدانی بە زیادکردنی سێ پیت (ڼ U+06bc ، ۋ U+06cb ، ې U+06d0 ) بۆ فۆنێمەکانی دیکەی هۆرامی، پێداویستییەکی ناچاری. بەو جۆرە لەنێو ڤێرژنی دوەمی کیبۆردەکە پێج پیت بۆ نووسین بە هۆرامی دەسەبەرکران.

لە بارەی زیادکردنی سێ پیت (ڼ U+06bc ، ۋ U+06cb ، ې U+06d0) بۆ سێ فۆنێم تاییبەتی هۆرامی، لە بەشی دوەم و سێیەم و پێنجەمی ئەم بابەتە شیکردنەوەی زمانیی کراوە. بەو جۆرە سەرەنجام پێنج فۆنێمی تاییبەت بە ئاخاوتنی کوردی-هۆرامی لەنێو کیبۆردێک بەناوی کیبۆردی یەکگرتووی کوردی پیتسازی کران: /ڎ/ U+068e، /ڼ/ U+06bc، /ۊ/ U+06ca، /ې/ U+06d0. دوا ڤێرژنی ئەو کیبۆردە (v 3.2) لە ساڵی ٢٠١٧ بڵاوکراوەتەوە. بە واتایەکی دیکە پەرەپێدەر و ئامادەکەری ڤێرژنی دوەمی کیبۆردەکە بەس سێ پیتی ( ڼ U+06bc ) ، ۋ U+06cb، ( ې U+06d0 ) زیادکردوون. وەک پێشتریش ئاماژەدرا، تەمەنی باسکردن و دەرککردنی پێویستی پیتی (ڎ) دالێک سێ خاڵی هەشتۆکەیی لەسەری و (ۋ) واوێک سێ خاڵی هەشتۆکەیی لەسەری، لەنێو خوێندەوارانی تەۋِڵێ "تەوێڵە" لە تەمەنی دانەری کیبۆردەکە/نووسەری ئەم بابەتە زیاترە.

شایانی ئاماژەیە، کیبۆردە لە ساڵی ٢٠٠٥ تاکو ئێستا ساڵی ٢٠٢٥[3] بە شێوەی دەرهێڵ (ئۆفلەین) بۆ دامەزراندن لەسەر هەموو ڤێرژنەکانی سیستەمی مایکرۆسۆفت ویندۆز بەردەست بوە و هەیە. چەند ساڵێکیشە لەسەر داخوازی و پێشنیاری دانەری کیبۆردەکە، هەر پێنج پیتە هۆرامییە تاییبەتەکانی ئەو کیبۆردە، لەلایەن بەڕێز (خوسرەو بلووریان) بۆ کێبۆردی فراوانی کوردی kurdish advanced keyboard تاییبەت بە سیستەمی ئەندرۆید، زیادکراون. هاوکات ئەو کیبۆردە بە شێوەی سەرهێڵ (ئۆنلەین) لەنێو چەند پرۆژەیەکی جیهانی و خۆیی بەردەست هەیە. بێجگە لەوە، لەنێو بیست (٢٢) پرۆژەی دیجیتاڵ و ئۆنلەینی بەکاربراوە[3]. لە سەرووی هەموو ئەوانەوە، ساڵی ٢٠٢١ لەتەک (چەند هەزار واژۆی کەمپەینی ٢٠١٦ بۆ زیادکردنی هۆرامی بۆ بەشی وەرگێڕانی گوگڵ) لەتەک ناوی هەموو پرۆژەکان و سایتە هۆرامییەکان و نووسین و ئەرشیڤە دیجیتاڵییەکان و ئینپووتی کیبۆردە لە ڕێگەی بەڕێز (بۆکان جاف) بۆ کۆمپانیای گوگڵ نێردراوە. ساڵی ٢٠٢٢ یەکەم وەڵامی پۆزەتیڤ لەلایەن گوگڵ لە ڕێگەی بەڕێز (بۆکان جاف) درایەوە؛ ئەویش کردنەوەی لینکێک بوو، بۆ ڕاپرسی لەبارەی هۆرامی و کەلهوڕی و لەکی و لوڕی. دیسانەوە لەو ڕێگەیەوە هەژمارێکی زۆر واژۆ بۆ گوگڵ ڕەوانە بوون. ئەو داخوازییە لای کۆمپانیای گوگڵ لەژێر کارکردندایە. هەڵبەتە ئەگەر دژەهەوڵ نەبن بە ڕێگر!

بێجگە لەوە، وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، ئەو کیبۆردە بە شێوەی ئۆنلەین لەنێو پەڕڵەی هۆرامینووس و لێکسیگۆس و کوردیپێدیا بەردەستە و تاکو ئێستا بە هەمان ئەلفابێت و کیبۆرد زیاتر لە شەش هەزار بابەتی جۆراوجۆر و چەند دیوان و کتێب لەنێو کوردیپێدیا تۆمار و ئەرشیڤ کراون.

تازەترین دەرکەوتنی کیبۆردی هۆرامی ئامادەکراوێکی تاییبەت بە سیستەمی ئەندرۆیدە، کە بەڕێز (براکورد) دایڕشتوە، بە ژێری دەستکرد پشتئەستوورە و دارای فەرهەنگێکی سەد هەزار واژەییە و بە ڕێنووسی درووست واژە هۆرامییەکان بۆ بەکاربەر پێشنیاردەکات.

------

١. لەنێو پەڕتووکی (ئەلفابێتی هۆرامی و چڼ سەرنجبۆ) بە تەسەلی لە بارەی هەر یەک لەو ئەلفابێت و کیبۆردانە هەڵسەنگاندن کراوە. لینکی داگرتن: https://www.kurdipedia.org/docviewer.aspx?lng=5&book=20200904120259387517

٢. گرفتەکانی پیتی (وو : ئوو) و چارەسەر https://www.kurdipedia.org/?q=20220510180929413513&lng=1

٣. لینکی کیبۆردی هۆرامی (هۆرامیار):

- بۆ کۆمپیوتەر: https://sourceforge.net/projects/horami-keyboard-v3-2/

- بۆ مۆبایل (ئەندرۆید): https://play.google.com/store/apps/details?id=com.app.jayesh.customkeyboard

- سەرهێڵ (online) :

کوردیپێدیا : https://www.kurdipedia.org/keyboard.aspx?lng=5

لێکسیگۆس : https://www.lexilogos.com/clavier/gorani.htm

هۆرامینۆیس : https://sites.google.com/view/horaminvis